# کورد و مەکتەبی عەشیرەتەکان لە ئیستەنبوڵ (١٨٩٢ - ١٩٠٧)

د. جەبار قادر
(هۆڵاند)

قوتابخانەی هۆزەکان، یان مەکتەبی عەشیرەتەکان، یان عەشیرەت مەکتەبی هەمایۆنی بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ئیستەنبوڵ کرایەوە. ئەم قوتابخانەیە تایبەت بوو بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی سەرۆک هۆز و بنەماڵە ناودار و بەهێزەکانی ویلایەتە دووردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی. قوتابخانەکە لە تشرینی یەکەمی ١٨٩٢ لە ئیستەنبوڵ بە فەرمانی ڕاستەوخۆی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) کرایەوە. مەبەستی سەرەکی سوڵتان لە کردنەوەی ئەم مەکتەبە گرێدانی هۆزەکان بوو بە دەوڵەت و خودی سوڵتانەوە. خۆی و کەسە نزیکەکانی هەستیان بەوە دەکرد کە دەوڵەتی عوسمانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبێ و دەستێوەردانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەت پەرەدەستێنێ. ئەم دەستێوەردانە بەشێکی لە ڕێگەی تێکەڵاوی و پێوەندییەوە لەگەڵ سەرۆک هۆز و دەرەبەگ و کەسایەتییە ئایینییەکاندا بەدی دێت. دەست تێکەڵکردنی سەرۆک هۆزە عەرەبەکان لەگەڵ بەریتانییەکاندا و چالاکی سیخوڕە ڕۆژئاواییەکان لە نێو هۆزەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیدا و مەترسی بەکارهێنانیان لە دژی دەوڵەت، فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بیرکردنەوە لە کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە.

لاوازی دەوڵەت لە لایەک و هاندانی سیخوڕە بیانییەکان لە لایەکی ترەوە ئازایی دەخستە بەر سەرۆک هۆزەکان لە دەسەڵاتی سوڵتان هەڵگەڕێنەوە. لە ئەنجامدا ئەم کار و چالاکییانە بە زیانی دەوڵەت و قازانجی دەوڵەتە زلهێزەکان دەشکانەوە. دەروازەی باڵا (بابی عالی) زۆر بیری لەوە کردەوە چۆن خۆی لەم قەیرانە ڕزگار بکات. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بیری لە پرۆژەیەکی چەند لایەنە دەکردەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە دەوڵەتی عوسمانی لە لەنێوچوون بپارێزێت. خاڵە سەرەکییەکانی



**سوڵتان عەبدولحەمید**

پرۆژە خەیاڵییەکەی بنیادنانی نەتەوەیەکی عوسمانی بوو، کە یەکێتیی موسوڵمانان بنەمای فیکریی بێت و هەموو ئەندامانی لە ژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە و دەسەڵاتێکی پۆلیسی و هەواڵگری توند و تۆڵیش هەموو جومگەکانی کۆنترۆڵ بکات و میدیایەکی پروپاگەندەکاریش ئاراستەی بکات. کردنەوەی قوتابخانەی عەشیرەتەکان یەکێ لەو ئامێرانە بوو لە پرۆژەی سوڵتان بیری لێی کردبووەوە بۆ گرێدانی هۆز و خێڵ و بنەماڵە سەرکەشەکانی دەڤەرە دووردەستەکان بە دەروازەی باڵاوە. ئەم هەوڵەی سوڵتان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە سوڵتان و کاربەدەستانی دەوڵەت هەستیان بەوە کردبوو کە دەوڵەتی عوسمانی ناتوانێت لەوە زیاتر بەو شێوەیە بەردەوام بێت، بۆیە دەبێت کۆمەڵێ چاکسازی ئەنجام بدرێن بۆ ئەوەی لە لەنێوچوون رزگار بکرێت. دەوڵەت ڕوو بە ڕووی کۆمەڵێ کێشە بووبووەوە: کێشە ئابورییەکان، پیلانە سیاسییە نێوخۆییەکان، پیلانەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی ناتورک لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە بەشێکی زۆر لە دانیشتوان هێشتا لە باری کۆچەریدا ژیانیان بەسەر دەبرد و لە بەهار و هەوار و هاتوچۆدا بوون. ئەم کۆچەرانە لە هاتوچۆیاندا زیانی زۆریان بە زەویوزاری گوندنشینان دەگەیاند و گەلێ جار زۆرداریيان بەرانبەر دانیشتوانی گوند و شارەکان دەکرد و خەڵک داد و بێدادیان بوو لە دەستیان. بە هۆی ئەم بارەوە لەو شوێنانە خەڵک هەستی بە ئەمن و ئاسایش نەدەکرد و دەرفەتی پێشکەوتنی خوێندن و پەروەردە و تەندروستی و ئابووری لە ئارادا نەبوو. پێوەندی هۆزە عەرەبەکان بە ئینگلیزەوە و سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی کورد و نەچوونی کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ گەلێ لە دەڤەرەکانی ئەلبانیا، هەموو هۆ بوون بۆ ئەوەی دەوڵەت بیر لە پرۆژەیەکی لەم جۆرە بکاتەوە.

لە سەرەتاوە بیر لەوە کرایەوە کە قوتابخانەی عەشیرەتەکان لە ناوچەکانی هۆزەکان خۆیاندا بکرێنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بیرۆکەی ئەوەی منداڵانی سەرۆک هۆز و دەرەبەگ و بنەماڵە ناودارەکان بهێنرێنە ئیستەنبوڵ بۆ ئەوەی لە کەشوهەوای پایتەخت و کولتووری عوسمانیدا پەروەردە بکرێن بە پەسەند زانرا.

لە دەسپێکدا سوڵتان تەنیا بیری لە منداڵانی سەرۆک هۆز و بنەماڵە ئایینییە عەرەبەکان دەکردەوە، چونکە پێوەندییان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا و مەترسی بەکارهێنانیان لە دژی دەوڵەت مایەی نیگەرانی سوڵتان و دەست و دایەرەکەی بوو. بۆ ئەم مەبەستە بیر لەوە کرایەوە منداڵانی سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی حیجاز، یەمەن، لیبیا، ئێراق و سووریا ببرێن بۆ ئەو مەکتەبە و لەوێ بە کولتووری عوسمانی پەروەردە بکرێن. مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو کە ئەمانە لە داهاتوودا لە دژی پرۆژەی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بووەستنەوە، هەر بۆ خۆشیان دەبوایە لە داوڕۆژدا شوێنی باوکەکانیان بگرنەوە و ببن بە سەرۆک هۆز و ڕابەری ئایینی لە دەڤەرەکانی خۆیان، بەڵام ئەم جارەیان وەک کاربەدەستانی دەوڵەت و پیاوانی سوڵتان. منداڵانی سەرۆک عەشیرەتە عەرەبییەکان وەرگیران، دوای ئەوانیش ئەلبانییەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی منداڵانی ئەوانیش وەربگیرێن. لە ساڵی ١٩٠٢ بیست منداڵی ئەلبانی لە قوتابخانەکە وەرگیران. سەرۆک هۆزە کوردەکانیش، بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕیزەکانی ئاڵای حەمیدییەدا بوون، لە ڕێگەی کەسە نزیکەکانی سوڵتانەوە هەوڵیان دا منداڵەکانی ئەوانیش بەر ئەو "نیعمەتەی" سوڵتان بکەون و ببرێن بۆ مەکتەبی عەشیرەتەکان. ئەمان وا بیریان دەکردەوە کە پێگەی خۆیان و هۆز و دەڤەرەکانیان لە ڕێگەی ئەو بەشدارییەوە بەهێزتر دەبێت. هەندێ لە نووسەران و مێژوونووسانی کورد پێیان وایە سوڵتان بە زۆر نەوەی سەرۆک هۆز و خێڵە کوردەکانی دەبردە ئیستەنبوڵ و لەو قوتانخانە دایاننانە بەر خوێندن. ڕاستییەکەی پرسەکە بە پێچەوانەوەیە، سەرۆک هۆزەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئەوانیش وەربگیرێن. بەم کارەیان داهاتووی منداڵەکانیان مسۆگەر دەکرد و لە لایەکی دیکەشەوە ئەمانە لە داهاتوودا دەبوونە بەرپرس و

کاربەدەست لە ناوچەکانی خۆیان و دەیانتوانی خزمەتی زێدی خۆیان بکەن.

کوڕانی ١٢ - ١٦ ساڵانەی سەرۆک هۆز و دەرەبەگ و بنەماڵە خاوەن پێگە بەهێز و ناودارەکان، لەو ویلایەتانەی لە باری خێڵەکی و عەشیرەتیدا دەژیان، لەو قوتابخانەیە وەردەگیران و بە دڵسۆزی بۆ دەوڵەت و سوڵتان پەروەردە دەکران. لە دوای تەواوکردنی خوێندن دەبوایە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان وەک کاربەدەستی دەوڵەت، تەنانەت ئەگەر دوای مردنی باوکیشیان بووبوونایە بە سەرۆکی عەشیرەت، ئەوە سەرۆک هۆزێکی فەرمانڕەوای دەوڵەت دەبوون، نەک سەرۆک هۆزێکی سەربەخۆ و دوور لە ملکەچی بۆ دەوڵەت، بەڵام ئەمە بۆ خۆی یەکێ لە ڕیفۆرمە ناکۆکەکان بە سروشتی دەسەڵاتی عوسمانی بوو، چونکە ئەو قوتابخانەیە لە ناوەندی پەروەردەکردنەوە بە کولتووری عوسمانی و گوێڕایەڵی بۆ سوڵتان و گرێدانی هۆزەکان بە دەروازەی باڵاوە بوو بە ناوەندی بڵاوبوونەوەی بیر و بۆچوونی سیاسی و نەتەوەیی ڕزگاریخوازی دژ بە دەسەڵاتی ستەمکاری عوسمانی.

پرۆگرام و ساڵانی خوێندن لە مەکتەبی عەشیرەتەکان چەند جارێک گۆڕانیان بەسەردا هات. لە دەسپێکدا وا بیر دەکرایەوە کە پرۆگرامی خوێندن و ڕاهێنانی منداڵانی سەرداران و سەرۆک هۆزەکان تەنیا دوو ساڵ بێت، بەڵام زوو بۆیان دەرکەوت کە بە دوو ساڵ هیچ لەگەڵ منداڵانێکدا ناکرێت، کە نە چوونەتە مەکتەب و نە تورکی دەزانن، بۆیە کرا بە پێنج ساڵ و دواییش کورت کرایەوە بۆ چوار ساڵ. لە دوای تەواوکردنی خوێندن لەم مەکتەبە قوتابییە دەرچووەکان، ئەوانەی دەیانویست لە خوێندن بەردەوام بن، دەنێررانە قوتابخانە سەربازی و مەدەنییە باڵاکان کە دەکاتە هاوتای کۆلێژی ئێستا.

بەر لە کردنەوەی قوتابخانەی عەشیرەتەکان سوڵتان ڕێنمایی پێویستی دا بە یەکێ لە کەسە نزیکەکانی، عوسمان نووری پاشا بۆ ئەوەی کارێکی وا بکات سەرۆک هۆزە عەرەبەکان بە دەروازەی باڵاوە گرێ بدات و ڕێگە لە دەستتێکەڵکردنیان لەگەڵ ئینگلیزدا بگرێت. دەبوایە بۆ ئەم مەبەستە عوسمان نووری پاشا پرۆژەیەک پێشکەش بکات بۆ ئەوەی لە بەر ڕۆشنایی پرۆژەکەیدا دەوڵەت سیاسەتێک بگرێتە بەر. پرۆژەکە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی سوڵتان ئامادە کراو لە ٢١ی حوزەیرانی ١٨٩٢ پێشکەش کرا. لە ٦ی تەمموزیشدا سەدری ئەعزەم فەرمانی بە وەزارەتی فێرکردن دا بۆ ئەوەی بۆ کردنەوەی مەکتەبی عەشیرەتەکان ئامادەکاری بکات. لە هەمان کاتدا ڕێنمایی پێویست ڕەوانەی والی ئەو ویلایەتانە کرا، کە دەبوایە ئەم پرۆژەیە بیانگرێتەوە، کە بریتی بوون لە: تەرابلوسی ڕۆژئاوا، بەنغازی، شام، حەڵەب، دێرەزور، قودس، دیاربەکر، یەمەن، حیجاز، بەغدا، بەسرە و مووسڵ. دەبوایە کوڕانی تەندروست و لێهاتووی سەرۆک هۆز و بنەماڵە ناودار و خاوەن پێگە و کاریگەرەکان دەستەبژێر بکرابانایە بۆ خوێندن لەم قوتابخانەیە. لە لایەکی ترەوە کار و هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی کردنەوەی قوتابخانەکە، تەلاری قوتابخانە، شوێنی مانەوە و حەوانەوەی قوتابیان، پرۆگرامەکانی خوێندن، یاسا و ڕێساکانی قوتابخانە و ڕێبەری چالاکییەکان لە قوتابخانەکەدا. دەبوایە هەموو پێداویستییەکان لە ماوەی سێ مانگدا دابین بکرێن. داخوازی کۆشک ئەوە بوو کە لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٢، کە دەیکردە ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر، لە قوتابخانەکەدا دەست بە خوێندن بکرێت. هەڵبژاردنی ئەو یادە بۆ کردنەوەی قوتابخانەکە بێ مەبەست نەبوو. سوڵتان دەیویست لەم ڕێگەیەوە پشتگیری زۆرترین خەڵک بۆ پرۆژەکەی بەدەست بێنێت. پلانەکە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ کرا و قوتابخانەکە لەو ڕۆژەدا کرایەوە. ئەم قوتابخانەیە دەزگایەکی فێرکردنی خێرخوازی نەبوو بۆ ئەو ناوچانەی لە خوێندن و پێشکەوتن بێ بەش بوون و دەوڵەت دەیویست هاوکارییان بکات، بەڵکو ئەمە دەزگایەکی سیاسی بوو بۆ گرێدانی هۆزەکان بە دەوڵەتەوە و گوێ ڕایەڵی سەرۆک هۆزەکان بۆ سوڵتان. هەموو ئەم کارە بە هاوکاری والی ئەو ویلایەتانە دەکرا. ئەرکی ئەم پرۆسەیە ئەوە بوو کە هۆزەکان گوێڕایەڵی سەرکردە نوێکانیان بن، کە لە هەمان کاتدا فەرمانبەری دەوڵەتن.

قوتابخانەکە لە باڵەخانەی قەبەتاش "تاشەبەردی زل"، کە ئێستاش قوتابخانەیەکی ئامادەییە، لە کۆڵانی تاش مەردیڤان "نەردەوانی بەردین" لە گەڕەکی عومەر عەونی ئەفەندی لە شاری ئیستەنبوڵ کرایەوە. لە ئاهەنگی کردنەوەی قوتابخانەکەدا سوڵتان سڵاوی تایبەتی ناردبوو بۆ قوتابییەکان. لە ڕۆژنامەکاندا هەواڵی کردنەوەی قوتابخانەکە و سڵاوی تایبەتی سوڵتان بۆ فێرخوازان بە زەقی بڵاوکرایەوە.

لە بابەتەکانی خوێندندا لە قوتابخانەکە گرنگی و بایەخی تایبەت بە دوو لایەن دەدرا، لایەنی زانیارییە ئایینییەکان و فێرکردنی زمانی تورکی. بابەتەکان بریتی بوون لە : قورئان، فیقه، حیساب، زانستە هونەرییەکان، تورکی، عەرەبی، فەڕەنسی، فارسی، جوگرافیا، مێژوو،

ئەدەبیات و ڕاهێنانی سەربازی. لە بابەتی مێژوودا گرنگی زۆر بە مێژووی ئیسلام و مێژووی سوڵتانە ناودار و سەرکەوتووەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەدرا. گرنگیدان بەو مێژووە بۆ ئەوە بوو هەستی شانازی بە دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانەکانەوە لە لای قوتابییەکان دروست بکەن و خۆیان بە بەشێک لەو مێژووە بزانن، نەک مێژووی خێڵ و عێڵ و بنەماڵە و دەڤەرەکانی خۆیان. مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس و هۆیەکانی لە نێوچوونی مایەی بایەخپێدانێکی زۆر تایبەتی بوو لە قوتابخانەی عەشیرەتەکان، ئەمەش بۆ ئەوە بوو سەرنجی قوتابیان بۆ مەترسییەکانی لەنێوچوونی دەوڵەتی عوسمانی ڕابکێشن بە هۆی هەوڵ و پیلانەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە. لەو مێژووەدا باسێکی زۆری نەهامەتییەکانی موسوڵمانان لە ئەندەلوس دوای لەنێوبردنی دەسەڵاتیان لەو وڵاتە بۆ قوتابییەکان دەکرا، ئەمەش هەر بۆ ئەوە بوو، ئەگەر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەست بەسەر وڵاتانی ئیسلامیدا بگرن هەمان ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ موسوڵمانانی ئەندەلوسدا کرا، لەگەڵ ئەمانیشدا دەیکەن، ئەمەش دەبوایە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە لای قوتابییە عەرەب و کورد و ئەلبانەکان دروست بکات.

یەکێ لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە ئەوە بوو، منداڵانێک هیچ تورکییان نەدەزانی دەبوایە لە ماوەی پێنجساڵدا ئامادە بکرابایەن بۆ ئەوەی ببن بە کاربەدەست لە دەوڵەتدا، یان لە قوتابخانە باڵاکاندا لە خوێندن بەردەوام بان. دەبوایە عەرەبی و تورکی بە شێوەیەکی وا فێربوونایە کە کاروباری دەوڵەتیان لە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە ببردایە. زمانی فارسیشیان دوو ساڵ دەخوێند و سێ ساڵیش زمانی فەڕەنسی. لە دوا ساڵیشدا ڕاهێنانی سەربازی و مەدەنییان دەبینی. پێوەندی قوتابییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریدا بوو، شەش ڕۆژ لە حەفتەیەکدا وانەیان دەخوێند و ڕۆژی هەینی ڕۆژی پشوویان بوو. ڕۆژی پێنج جاران نوێژی جەماعەتیان دەکرد و لە نوێژی جەماعەتی جومعەدا دەبوایە بەشداری بکەن، هەمان جلوبەرگیان لەبەردەکرد. هەر دوو ساڵ جارێک ئەو قوتابییەی بیویستایە سەردانی کەسوکاری بکات، ئەوە دەبرایەوە بۆ لای کەسوکاری، بەڵام ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا نەگەڕایەتەوە بۆ قوتابخانە ئەوە دەردەکرا و هەرچی بۆ خەرج کرابوو لە کەسوکاری وەردەگیرایەوە. ئەو قوتابییانەش کە لە کۆتایی ساڵدا دەرنەدەچوون لە قوتابخانە دەردەکران. ناو بە ناو و ساڵانەش هەموو قوتابییەک هەڵسەنگاندنی تایبەتی بۆ دەکرا. قوتابییەکان مووچەیان بۆ بڕابووەوە و کاتێ خوێندنیان تەواو دەکرد سوڵتان خەڵاتی پێ دەبەخشین. هەندێ لە قوتابییەکان کێشەی ناونووسی و بەڵگەنامەی فەرمییان هەبوو، هەندێکیان هەر ناونووس نەکرابوون، چونکە هۆزەکانیان ژیانی کۆچەرییان بەسەر دەبرد، ئەوانەی تەسکەرەیان نەبوو لە قوتابخانە دەرکران.

ئەم قوتابخانەیە تەمەنی ١٥ ساڵ بوو و لە ١٩٠٧ دا داخرا. هۆی ڕاستەوخۆی داخستنەکەی لە ساڵی ١٩٠٦ مانگرتنی قوتابیان بوو. هەرچەندە هۆی مانگرتنەکە لە بارەی خواردنەوە بوو، بەڵام دەوڵەت وەک کارێکی سیاسی سەیری ئەو ڕووداوەی دەکرد. هۆی ڕاستەقینەی داخستنەکە بڵاوبوونەوەی هزر و بۆچوونی سیاسی و ڕزگاریخواز بوو لە نێو قوتابییەکاندا. هەندێ لە قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە لە دواییدا بوون بە ڕابەڕی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب و کورد، لە لای عەرەبەکان فەیسەڵی کوڕی شەریفی مەکە ( لە دواییدا یەکەم پاشای ئێراق)و لە لای کوردیش خالیدی جەبرانلی (سەرکردەی پارتی ئازادی کوردستان و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥). بە پێی سەرچاوەیەکی ئینگلیزی لە ٢٥ دەرچووی کوردی ئەو قوتابخانەیە نۆیان بوون بە هەڵگری بیری کوردایەتی و لە ساڵانی دواتردا چەرمەسەری و ئازاری زۆریان بینی و هەندێکیان وەک خالید جبرانلی سەریان لە پێناویدا دانا. سەرچاوەکان وەک هۆی داخستن باس لە کێشەی داراییش دەکەن. خەرجەکانی قوتابخانەکە ئاسایی نەبوون، چونکە ئەمە زیاتر لە کۆلێژێک بوو، نەک قوتابخانەیەکی ئاسایی. لە نێو قوتابخانەکەدا جێگەی حەوانەوە و خواردنی قوتابیان، بنکەی پۆلیس، نەخۆشخانە، شوێنی دروستکردنی جلوبەرگەکانیشیان هەبوو، هەروەها شوێنی جل شووشتنی تایبەتییان بۆ دروست کرابوو. لە وزەی وەزارەتی مەعاریفدا نەبوو لەوە زیاتر خەرجییەکانی قوتابخانەکە دابین بکات. یەکێ لە هۆیەکانی دیکەش کە سەرچاوەکان باسی لێوە دەکەن، شەڕ و پێکدادانی ١٥ قوتابی کورد و عەرەب بوو، کە زوو زوو دەبوو بە شەڕیان. گوایە ئەو بنکەی ژاندارمە کە لە ناو قوتابخانەکە دروست کرا بە هۆی ئەو شەڕ و شۆڕەوە بوو کە لە نێوان خوێندکارە عەرەب و کوردەکاندا ڕوویان دەدا و بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی قوتابخانەکە ئەو بنکەیە کرابووەوە. کەسوکاری زۆر لە قوتابییەکانیش زۆر دڵخۆش نەبوون بە دووری منداڵەکانیان بۆ ئەو ماوە درێژە لەو تەمەنە بچووکەدا.

لەو هەشتا قوتابییەی کە لە ساڵی یەکەم وەرگیران ٥٤ یان خوێندنیان تەواو کرد و گەلێکیان پلە و پایەی بەرچاویان لە دەوڵەت بەدەست هێنا. یەکێ لەوانە محەمەد هەمزەی کورد بوو کە لە وانەوە برابووە ئەو قوتابخانەیە. لە ساڵی ١٩١٢ بوو بە ئەندامی مەجلیسی مەبعووسان و لە ساڵی ١٩١٤ بوو بە موتەسەریفی وان و لە ١٩١٧ بە موتەسەریفی مونتەفیک (ناسریە) لە باشووری ئێراق. لە ئەنجامدا لەو شەش سەد قوتابییەی کە وەرگیران چوارسەدیان خوێندنیان تەواوکرد. لە نێو قوتابییە عەرەبەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە منداڵانی شێخە عەرەبەکان دەبینران. لە نێو قوتابییە کوردەکانیشدا بەهەمان شێوە، بۆ نموونە کوڕی سەرۆکی هۆزی حەیدەران حوسێن پاشا کە ناوی ساڵح بوو دەبینرا. بە گشتی هۆزە کوردەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە ئاڵای حەمیدییەدا بوون، ناردنی منداڵەکانیان بۆ ئەو قوتابخانەیە بە هەلێکی باش دەزانی بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە دەوڵەت و سوڵتان و لە سەر داخوازی خۆیان منداڵەکانیان وەرگیران و بۆ هەر ئاڵایەکی حەمیدییە ٢ منداڵ لەو قوتابخانەیە وەردەگیرا. ئەو سەرداره کوردانە پێیان وابوو کە بە وەرگرتنی منداڵەکانیان پێگەی هۆز و ناوچەکانیان سەنگینتر دەبێت. ئەو هۆزە کوردییانەی بە گرنگییەوە سەیری ئەم مەکتەبەیان دەکرد بریتی بوون لە جبرانلی، زیلان، جەلالی، شمکی و سراجلی.

لە سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکاندا، هەندێ جار قوتابییەکان دەبوونە ناوبژیوان و پەیامبەر لە نێوان دەوڵەت و سەرهەڵداواندا و گەلێ جاریش قوتابییەکان خۆیان دەدایە پاڵ هۆزە ڕاپەڕیوەکانیان.

لە دوای تەواوکردنی خوێندن قوتابییەکان دەنێررانە قوتابخانەی سوڵتانی بۆ ڕاهێنانی سەربازی، ئینجا ئەوانەی دەیانویست بۆ قوتابخانەی مەدەنی بۆ ئەوەی لە دواییدا وەک قایمقام و کاربەدەست لە ناوچەکانی خۆیان کاروبارەکان بەڕێوە ببەن، نەک وەک سەرۆک عەشیرەتێکی سەربەخۆ، بەڵکو وەک سەرۆک عەشیرەتێکی فەرمانبەری دەوڵەت و گرێدراوی سوڵتان. ئەم پرۆژەیەی سوڵتان عبدولحەمید بە پرۆژەیەکی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت. ئەو قوتابییانەی تەنیا ئەو مەکتەبەیان تەواو دەکرد لە لای قایمقام و موتەسەریف دەبوونە کارمەندی مەعیە (لە تەکدا) و ئەگەر تەمەنیان گونجاو بوایە دەبوونە بەڕێوەبەری ناحیە و ئەوانەشی ئامادەیی سەربازییان تەواو دەکرد دەبوونە ئەفسەر لە ژاندارم، زەبتییە، هی واشیان هەبوو دوای مردنی سەرۆک عەشیرەت لە جێگەی باوکیان دەبوونە سەرۆک عەشیرەت، وەک حەمدی کوڕی شێخی شەممەر فەرحان بەگ. بە بۆچوونی هەندێ سەرچاوە ئەم پرۆسەیە ڕۆڵی خۆی بینی و ئەو سۆزەی بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە جیهانی ئیسلامیدا تا ئێستاش هەیە، بەشێکی بۆ دەرچووانی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە، کە لە کاتی خۆیدا لە ناوچاکانی خۆیان و لە نێو کەسوکار و عەشیرەتەکانی خۆیاندا بڵاویان کردبووەوە، تەنانەت ئەوەش دەوترێ کە دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی ئەو قوتابییانەوە توانی لەو ناوچانە درێژە بە تەمەنی خۆی بدات، کە ماوەیەک بوو هەموو کەسێ لەو باوەڕەدا بوو کە دەوڵەت ئەوەندە داتەپیوە و ناتوانێ لەوە زیاتر درێژە بە تەمەنی خۆی بدات.

سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەی سوڵتان عەبدولحەمید زەبرێکی گەورە دەبوو لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی ناتورک لە دەوڵەتی عوسمانیدا، چونکە کۆمەڵێ هۆزی نەک تەنیا لەو بزووتنەوەیە دادەبڕی، بەڵکو دەیکردن بە هاوپەیمانی سوڵتان، کە دەشیا لە دژی ئەو بزووتنەوانە بەکاریان بێنێ، بۆیە گەلێ لایەن لە نێوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە قازانجیاندا نەبوو ئەم پرۆژەیە سەربکەوێت.

**زۆربەی زانیارییە سەرەکییەکان لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراون:**


**1- Eugene L. Rogan (1996). Asiret Mektebi: Abdulhamid II s School for Tribes (1892 - 1907) International Journal of Middle East Studies. 28. No 1 .**

**2- Muhlis Koyuncu. Asiret Mektepleri (Master Tezi). Ankara. Gazi Üniversitesi. 2003.**

**3- Alisan Akpinar.Eugene L. Rogan. Asiret Mektep Devlet. Osmanli Devletinde Asiret Mektebi. Aram Yayincilik. Istanbul 2011.**